ئاوات شێخ جەناب بۆ کونسوڵ و نوێنەری وڵاتان:زیاتر لە 10 ساڵە لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە فشار خراوەتەسەر هەرێمی کوردستان



وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدیدارێکدا ژمارەیەک لە کونسوڵ و نوێنەری وڵاتان رایگەیاند، لەماوەی پێنج ساڵدا، عێراق لەکێی زیاتر لە 945 ترلیۆن دینار، تەنها 23 ترلیۆن و 827 ملیار و 300 ملیۆن دیناری بۆ هەرێمی کوردستان ناردووە کەدەکاتە ڕێژەی 2.81%ی کێی بودجەی عێراق.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی دارایی و ئابووری، ئاژی پێنجشەممەی (کانونی دووەم/1)ی 2025 شاندی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان لەگەڵ کونسوڵ و نوێنەری وڵاتانی بیانی لە شاری هەولێر کۆبوونەوە.

لە کۆبونەوەکەدا ئاوات شێخ جەناب وەزیری دارایی و ئابووری ڕاپۆرتێکی بەداتاو زانیاری و بەڵگەی فەرمی، لەسەر مژوی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا خستەڕوو، هاوکات ئاماژەی بەو سیاسەتی فشار و جیاکارییەی کرد کە زیاتر لە 10 ساڵە لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە خراونەتەسەر هەرێمی کوردستان و تا ئێستاش بەردەوامن.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەیەدا وەزیری دارایی دێخی دارایی هەرێمی کوردستانی لەگەڵ

حکومەتی فیدراڵ لەساڵی ڕابردو ڕونکردەوە و ڕایگەیاند، هیچ ساڵێك حکومەتی فیدراڵ پابەند نەبووە بەڵام خەرجکردنی پشکی هەرێمی کوردستان و لە پێنج ساڵی ڕابردودا پشکی هەرێمی کوردستان لە یاسای بودجەی گشتی عێراق لەکەی زیاتر لە 945 ترلیۆن دینار، نزیکەی 73 ترلیۆن دینار بووە، بەڵام لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵەوە تەنها 23 ترلیۆن و 827 ملیار و 300 ملیۆن دینار لەماوەی ئەو پێنج ساڵەدا بۆ هەرێمی کوردستان خەرجکراوە کە دەکاتە ٥٪ی تەنها لە 32% شایستەی هەرێم و لە 2.81%ی کەی بودجەی عێراق، ئەوەش لە کاتێکدایە زیاتر لە چوار ترلیۆن دیناری ئەو پارەیە بەقەرز لەسەر هەرێمی کوردستان هەژمار کراوە.